# سەرتاپا بە 15 چرکە !!


Foto:CMV Liköpig Universitet

ئەوەی شایانی باسە دوا  مۆدێلی تۆمۆگرافی بە کۆمپیوتەر 64 کەناڵی هەیە و لە یەك چرکەدا 180 وێنە  لە لەش دەگرێت . بە گشتی ئەم تەکنیکە نوێیە زۆر بەسوودە بۆ دەستنیشانکردن و بە تایبەتیش بۆ نەشتەرگەری بۆریەکانی خوێن . نزیکەی 10 ساڵ لەمەو بەرتۆمۆگرافی کۆمپیوتەری وەك یەکێك لە ئامێرە تیشکییەکان بۆ دەستنیشانکردن کەوتەکار، ئەو کاتە لە یەك چرکەدا یەك وێنەی دەگرت . بەڵام ئەم ئامێرە نوێیەی ئەمرۆ کەوتۆتەکار زۆر لە یەکەم جۆر پێشکەوتووترە لە ماوەی 15 چرکەدا بە 3000 وێنە هەموو لەش نیشان دەدات . پسپۆرانی ئەم بوارە دەبێژن ئەم ئامێرە زۆر وردە بە تایبەتی بۆ دەستنیشانکردنی بۆریەخوێنەکانی دڵ . گەر بەراورد بکرێت لە گەڵ تۆمۆگرافییەکانی تردا ئەم ئامێرە زۆر خێراترو ئابووریترە.  نزیکەی 10 ساڵ لەمەوبەر ئەستوری هەر وێنەیەکی تۆمۆگرافی نزیکەی 5–6 ملم ەبوە بەڵام ئەمرۆ لە سایەی ئەم ئامێرەدا بۆتە 0.6 ملم .

**سەرچاوە**

سوود لە هەفتەنامەی پزیشکی Dagens Medicin ، ژمارە 11 ی  رۆژی 16 ی مارس ی 2005 ، لاپەڕە 28 وەرگیراوە .